کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-10-2007 21:29بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**دەزگای شەهیدان بۆ وای بەسەر هاتووە چۆن ئەو قەیرانە چارەسەر دەکرێت؟؟؟ ... باوکی شازاد**

ئەگەر بە چاویکی گەورەوە سەیری دەزگای شەهیدان بکەین دەبینین هەردوو دەزگای شەهیدانی یەکیتی و پارتی گەورەترین دەزگای شەهیدە لە کوردستان، هەربۆ زانیاری گشتیش با بزانین کێن ئەوانەی بە شەهید نوسراون، یەکەم بابیینە سەر دەزگای شەهیدانی سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان، مێژووی شەهیدانی پارتی دەست پێ دەکات لە کاتی دروست بوونی کۆماری مەهاباد وئەوانەی کە لە گەڵ بارزانی نەمر بەرەو ڕوسیا کۆچیان کردبوو هەتا ئێستاش نەوەکان و خزمەکانی ئەوان شەهیدانە وەر دەگرن کەسیش مافی گلەیی نیە لە بەر ئەوەی بەڕاستی هەقی خۆیان بووە ژمارەشیان ئەوەندە زۆر نیە، دوهەم گروپ شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول ئەوانەش خەڵکێکی زۆرن، بەڕاستی ئەوانیش مافی خۆیانە کە لە کاتی پێشمەرگایەتی وە یان بە بۆردومانی ڕژێم ویان ئەوانەی کە ئیعدام کراون و ئەوانەی کە لە لە زروفی شاردراوە لە لایەن ڕژێمەوە بێ سەرو شوین کراون وە ئەوەی من بیزانم زۆربەیان موستەحەقن، بەڵام من موتەئکیدم کە کەسی جاش و پیاو خراپ لەو لیستانە دا وجودیان نیە چونکە هەموو کەسێک پیاو خراپەکانی ئەوساکەی دەناسی ئیستاش بڵێ فلانە کەس لە فلانە خانەوادە یەکسەر خەڵکی ناوچەکە بیریان دێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ژیانی مرۆڤ قیمەتی هەبوو کە یەکیک بمردایە 6 مانگ خەڵکی دەرو جیران پرسەیان بۆ دادەنا، ئینجا ئەگەر یەکیک شەهید بکرایە ئەوە هەر دەبوو بە مێژویەک وە ئەگەر بە جاشایەتیش بکوژرایە هەر دەناسرا، وە لە گەڵ ڕێزمدا بۆ خەباتی نەپساوەی پارتی شەهیدەکانی زیاتر لە شۆڕشی ئەیلول بون بەهۆی ئەوەی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بەشداریان تیا کردبوو خۆیان لە ناو ساحەکە تاکەحیزب بوون ڕابەرایەتی شۆڕشیان دەکرد، پاشان شۆڕشی گوڵان دەستی پێ کرد بەڵام لە بەر ئەوەی هەتا حەددێک هیزەکانی پارتی لە نزیک بەرەکانی شەڕ نەبوون و لە بەر ئەوەی هیزی تر هەبوون لە ناو کوردستان زۆر لە پارتی بەهیزتر بوون کە ئەویش یەکیتی بوو زۆربەی ناوچە ئازاد کراوەکان لە ژێر دەستیان بوو، بۆیە لە هەموو بەرەکانی جەنگ ئەوان بوون ڕوبەڕوی هێزەکانی دوژمن دەبونەوە بۆیە هێزەکانی پارتی تەنها لە هەندێک ناوچەی بادینان وجودیان هەبوو خۆ بەخۆشیان ئینکاری ئەوە ناکەن دەڵێن ئێمە لە شۆڕشی نویدا تەنها داستانی خوا کوڕکمان کردوە بۆیە شەهیدیان زۆر نەبوو، لە بەر شەڕی ناوخۆش دەستیان نەدەگەیشت بە ناوچەکانی هەولێر و سلەیمانی و گەرمیان کە بە ناوچە گڕ گرتوەکان ناسرابوو، بۆیە لە ساڵ 1974 هەتا ساڵی 1991 ژمارەی شەهیدەکانیان زۆر نەبوو ئەوانی هەشبوون خەڵک باش دەیان ناسێت بۆیە کەس نەیتوانیوە دزە بکات و خەڵکی ناموستەهەق بکات بە شەهید، ئینجا مەرحەلەی نوێ دەست پێ دەکات لێرەوە هاوکێشەکە گۆڕا لە شاخەوە بەرەو شار هاتین لە پێشمەرگەی مەبدەیی بۆ هێزی نیمچە سەربازی و هاتنە ناوەوەی هەزاران چەکداری زەمانی حکومەت کە بە فەوجە خەفیفەکان ناسرابوون بە کوردیەکەی (جاشەکان) کە بە شێوەیەکی بەرچاو هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتی و ئینجا شەڕی ناوخۆش دەستی پیکرد ناچار بۆ ئەوەی دەستیان لە پشت بدەن و شەڕیان پی بکەن لە بەر خاتری خاترانیش لێرەوە دزەکردن دەستی پێ کرد بە دەیان کەس کە شەهیدیش نەبوون بە وەرەقەیەکی مەسئولێک کە لەوانەیە خۆی کۆنە پیاوی ڕژێم بوو بەڵام هاتبوە ڕیزی پێشمەرگە هەر هەمویان ئەوانەی کە دەکوژرانیش دەبوایە بە شەهید لە قەڵەم بدرێن بەلانی کەم بە مانا حیزبیەکەی کە دەبوایە مافی ئەوانەش بدرێت کە بۆ پارتی خوینیان دەرژاو خانەوادەکەیان دەبوایە سەرچاوەیەکیان هەبیت بۆ ژیان، پاش کوژرانی کوڕەکەیان یان میردەکەی زۆربەشیان خاوەن منداڵ بوون، وێنەی زیندوشمان هەیە بۆ ناوی یەکیک لەوانە (تەحسین شاوەیس) بوو، بابێینە سەر دەزگای شەهیدانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، ئەو دەزگایەش مێژوی شەهیدەکانی دەگەڕێتەوە بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ساڵی 1961 کە شۆڕشی ئەیلول دەستی پێ کردوە، زۆربەی ئەو بنەماڵانەی کە سەر بە یەکێتین شەهیدانە لە وان وەر دەگرن ئەوانیش هەقی خۆیانە کە ناوی شەهیدەکەیان لە لایەن یەکێتی تۆمار بکرێت شتێکی ئاسایی بو بە تایبەتی پاش ساڵی 1992 کە پارتی و یەکێتی کەوتنە بڕو بیانو لە یەکتر ژنێکی یەکێتی مەجبور نەبو بچێت لە دەرگای بارەگایەکی پارتی چاوەڕوانی شەهیدانە بکات لەوانەیە پارتیەکانیش ئاوا مورتاح تر بوون کە ئەو خانەوادانە نەیەن بۆ لای ئەوان ولەوانەیە تووشی جۆرەها کاری توندوو تیژی دەبونەوە لە لایەن خانەوادەی پارتیەکان وەیان سوکایەتیان پێ دەکرا لە لایەن پاسەوان و کەسانی تر، هەرچەندە سەنگەری شەهید گواستنەوە زۆر شتیکی باش نەبوو، بەڵام دەبوایە هەر وابێت بۆ ئەوەی کەس توشی مەشاکیل نەبێت، ئاوا بێ سەر ئێشەتر بوو، وە هەموو ئەو شەهیدانەش خەلک دەیان ناسین پێویست ناکات شتەکان دوبارە بکەمەوە هەروەها شەهیدەکانی زەمانی (جەلالی ومەلایش) هەر بە قۆناغی شۆڕشی ئەیلولدادەنرێت، ئینجا قۆناغی دوەمی یەکێتی دەست پێ دەکات کە ئەویش شۆڕەشی نویی گەلەکەمان بوو، کە لە ساڵی 1976 دەست پێ دەکات کە خۆی دەبینێتەوا لە سەدان شەهیدی لە سێدارە دراوی ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەی لە شەڕ بە دیل گیراوو پۆلە شەهیدیکی زۆر کە لە کاتی ئەنجامدانی شەڕەکان و بەرەکانی جەنگ لە گەڵ ڕژێمی فاشی شەهید دەکران وە هەر هەمویان مێژووی خۆیان تۆمار کردوە بە خوێنی گەشیان، وە ئێستاش هەر یەک لەو شەهیدانە ناوی بێت دەیان کەسی لە هەڤاڵە زیندوەکانیان شایە دی قارەمانیەتی ئەو شەهیدانەت بۆ باس دەکەن، لێرەش هیچ شکمان نیە لە لیستی شەهیدەکانی شۆڕشی نوێ، با بزانین مەرحەلەی پاش ڕاپەڕینی 1992 لیستی شەهیدان کێ لە خۆی دەگریت، ئەویش دەست پێ دەکات هاوشیوەی پارتیەکان، سەنگەری خەبات گواسترایەوە لە شاخ بۆ شار بە هەزاران کەس بوون بە پێشمەرگەی سەر جادەی قیر وە زۆریش لە چەکدارەکۆنەکانی زەمانی جاشایەتی خۆیان خزاندە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە شەری ناوخۆش دەستی پی کرد ئەوانیش شان بەشانی پێشمەرگە کۆنەکان لە ناو شەڕەکان دابوون و خەڵکیان لێ دە کوژرا، باشە خۆ هەر بە جاش لە قەڵەمیان نادەن؟ دەبێ لە شوێنێک خانەوادەکەیان مووچە وەر بگرن لە دەزگای شەهیدانیش زیاتر هیچ شوینێکی تر نەبوو، ئیتر لێرەوە ئیشکالەکە دروست بوو، هیچ لاتان سەیر نەبێت کە ئەو ناوانە بلاو دەکرێنەوە کە هەندیکیان بەڕاستی دوژمنی گەلەکەیان بوونە بەڵام یان کاتی شەڕی ناوخۆ کوژراون یان کەسێکیان هەبووە کە دەوری هەبووە توانیویەتی ناوی ئەو جۆرە کەسانە بخاتە لیستی شەهیدە ڕاستەقینەکانەوە خۆ لەبەر خاتری خاتردارانیش زۆر کاری وا دەکرا، کە بەداخەوە ئەگەر زروف وا نەبێت لەوانەیە زۆر کەس ناوی شەهیدەکانی خۆیان ڕەش دەکەنەوە بۆ ئەوەی نەوەك ڕۆژێک لە ڕۆژان ناویان لە یەک لیست لە گەڵ کۆنە خاینێک بڵاو بکریتەوە کە هەموو خەڵکی کوردستان دەیان ناسێت لەوانەیە لە کاتی خۆی هەر بەدەستی ئەو سیخوڕە بە گرتن درابێت و شەهید کرابێت، بەڵام خەڵک چارەی نیە وەزعە ئابوریەکە وای کردوە کەس نەتوانێت ئەو جۆرە هەڵویستانە وەر بگرێت، بەهەر حاڵ ئەوەی کە ڕویداوە دەبێ سەر لەنوێ هەردوو حیزب دراسەیەکی قوڵ و تێرو تەسەل بکەنەوە، بۆ ئەوەی چی بکەن بۆ ئەوەی لەو قۆناخە سەختە خۆیان ڕزگار بکەن؟ یەکەم دڵی کەسوو کاری ئەوانەیش نەڕەنجیت، من ئەوانە ناڵێم کە لە کاتی خۆی بە دەستی پێشمەرگە بە سزای گەل گەیاندراوە، ئەوانە مافی ئەوەیان نیە گلەیی بکەن بەڵام وەکوو شتیکی ئینسانی ئەوانیش لە کاتی خۆی لە زەمانی ڕژێم موچەیەکیان هەبووە با لە دائیرەی تەقاعود پارە وەر بگرن نەوەك لە دەزگای شەهیدان، من مەبەستم ئەوانەیە کە لە ناو سەنگەری پارتی و یەکێتی کوژراون کاتی شەڕی ناوخۆ، دەبێ ئەوانەش ناونووس بکرێن بە جیا لە گەل شەهیدەکانی پێش ڕاپەڕین، چۆن شەهیدەکانی پێش ڕاپەڕین دابەش کراون بۆ شەهیدی سەنگەر و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەهیدەکانی تر، وە شوێنیکی تایبەتیان بۆ دابنێن کە موچەی لێ وەر بگرن بۆ ئەوەی قودسیەتی شەهیدان پارێزراو بێت، هیچی تر ئەوەندە باسی گەندەڵی ئەو دەزگایانە نەکرێت، دەبی چارەسەرێک بدۆزریتەوە، ئەگەر پارتی و یەکیتی گوێ لە قسەی خەڵک ڕابگرن!!! بەڵام ئەگەر هەر بەو شیوە بڕۆن ئەوا ئێمەش هیچی تر ناتوانین پاساویان بۆ بهێنینەوەو کارەکانیان بۆ ئاسان بکەین واتە داکۆکی لە هەڵەکانیان بکەین، خەڵک تێ بگەیەنین کە چۆن ئەو شتە ڕویداوە، چارە سەریەکەشی چۆن دەکرێت، هیوادارم نوسینەکانمان بخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی تەواوی لە سەر بکەن، لای هەموان ڕون و ئاشکرایە کە ئەوانەی وەکوو ئیمە شت دەنوسن بەڕاستی پێمان ناخۆشە کە ئێوە بکەونە ئەو مەوقیفە ناخۆشانەو هەروەها خۆمان بە بەشیک دادەنێین لە خاوەنداریەتی ئەو قەیرانە گەورەیە کە ئێستا دەزگای چاک ڕۆژانە ناوی هەندێ کەس بڵاو دەکەنەوە لە ناو سایتەکانی ئینتەرنێت کە هەمووشی ڕاستە خەڵکی کوردستان باش دەیان ناسێت کە ئەوانە زوڵمە ناویان لە گەڵ شەهیدێکی قارەمان لە یەک دەزگا بێت لەوانەیە ئەگەر زەویان وەرگرتبێت بۆ خانوو بنن بە جیرانی یەکتر، بۆیە بە پێویستی دەزانین وەکوو پیازی سپی کراو بخەینە ناو قاپێک و لە پێشتان دابنێین ئیوەش سەر پشک دەبن لە ئەنجامدانی کاری پێویست وچۆنیەتی مامەلە کردن لە گەڵ ئەو مەسەلە هەستیارە کە ئەویش پەیوەندی بە شەهیدەکانمانەوە هەیە. سەربەرزیش هەر بۆ خانەوادەی شەهیدە قارەمانەکانمان...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.